# ڕەحمدانێك ئێوەی تێدانیە؟! *

ئاسۆعەبدوللەتیف

بەداخەوە حیزب وای لێهاتووە کە گوتارو متمانەو ڕاستگۆیی و بنکەی جەماوەریی ئەدۆڕێنێ سەری خۆی هەڵناگرێ بەڵکو ئەبێتە کۆمپانیا وەك چۆن ئێستا ئەیانبینین، کە حیزبیش بوویە کۆمپانیا ئیتر وەك قومارچی چەمکی دۆڕاندن و بردنەوە ئەکاتە پێوەری کارو ستراتیجی ڕۆژانەی و ئەوەی بیری لێئەکاتەوە قازانجی مادیەو ئەوەش کە بیری لێ ناکاتەوە بەرژەوەندی گەل و کارەساتەکانیەتی، دۆڕاندنی حیزبیش واتە سەرگەردانکردن و سرینەوەی خەونی نەتەوەیەکی کارەساتاوی، باشە ئەوە بۆچی لە سەروەختی دادگاییکردنی سەدام و یاوەرانیدا بۆ ئەنفال لاوازترین بەڵگەو شاهیدو کەیسمان هەیە، ئەم لاوازیە بۆخۆی مایەی تێرامان و تراژیدیایەکی سەیر نیە لەو ئەدەبیاتەی کە حیزب دەیەوێت بەزۆر دەرخواردمان بدات و ڕامان بهێنێ لەسەر ئاسایی بوونەوەی ئەنفال ، ئایا ئێمە شاهیدێکی خوێندەوارو دەم بە ئاگرمان نەبوو تا بەڵگەو دیکۆمێنتەکان بە ئاشکراو دروست بخاتە ڕوو؟ ئەرێ تاکەی یەکێتی و پارتی نایانەوێت کارەساتەکانمان بکەنە سەرمایەی ڕەمزی بۆ نەتەوەیەکی بێ ڕەمز؟ ئایا ناکرێت یەك تۆز هیلاك بن و لەو ئەتەکێتە بێنەدەرەوەو کلکی ئەو جاشە کۆن و موستەشارانە بگرن و ڕاپێچی دادگای ئەنفالیان بکەن؟! لە چی ئەترسن؟خۆ ئێوەی پیاوی دوێنێی شاخ خۆتان ووتەنی(گورگتان ئەبینی و نەئەترسان) ئەوە بۆچی ئێستا ناتوانن گوێی (جاشێ) ڕاکێشن؟

بەبروای من ئەم دیاردەو دەرکەوتەی ناو حیزبی دەسەڵاتدارو حکومەتی کوردی هیچ نییە جگە لە دۆڕاندن و یاریکردن بە یادەوەری ئەنفال و ژینۆسایدی کوردی، هاشم سوڵتانی تاوانبارو ئەنفالچی کاتێ ئەڵێ 250000 جاش و سەرۆك خێڵی کوردی فاکتەری ئەنفالکردن و لەناوبردنی کورد بوون و سوپای عیراقی تەنها پاڵپشتی جاشیان کردووە، چی ئەڵێن لە بەرانبەریدا جگە لە ئارەقی شەرمەزاری؟ ئەم قسەیە بۆ من نیە ئەوەندەی بۆ جەستەی هەلا هەلای تۆی دەسەڵاتە کە لەبەرانبەر دەستەواژەو بەرگریەکی ئاوادا  ناتوانن سادەترین بەڵگە بخەنە بەردەست و وەڵامتان هەبێ، ئاخر دۆڕاندن ئەبێ چی بێت کاتێ بەعسی و ئەنفالچیەکان لەناو شیشەبەندەکانی دادگادا لەبری ڕشتنی ئارەقی شەرمەزاری بە عەقڵی ئێمەو ئێوە پێئەکەنن، ئێستا ئیتر حەقیەتی بپرسین ئەرێ دەسەڵاتدارانی ناو کۆشك، بەڕاست کوانێ ئەو فیلمە دیکۆمێنتاریەی لە 16 ساڵی دەسەڵاتداریتاندا وەك شاهیدو بەڵگەی زیندوی کارەساتی ئەنفال بەرهەمتان هێنا؟ کوانێ کەیس و شاهیدی ئامادەکراوتان؟ کوانێ شەقامی گڕگرتووتان بۆ ئەنفال؟ ئەگەر دەسەڵات تەنها ئیشی سەیرکردن و

خواردن و خواردنەوە بێت ئەوە نەبێ زۆر باشترە، چونکە نەبوونی ئەم ئامادەگی و گەرمووگوڕی و کەیس و بەڵگە نامانە ئێوەی دەسەڵاتدار پێش تاوانبار ئەخاتە بەر گومان و دوودڵی، دوودڵیەك کە هەرگیز باوەرم بە پیرۆزیەك نامێنێ کە فەنتازیای شۆرشەکانی ئێوە هەڵگری بوو، وە باوەرم بە میدیایەك نامێنێ کە عەقڵی ئێوە تیۆریزەی ئەکات، دواجار باوەرم بە ئایندەیەکیش نامێنێ کە ئێوە بۆمان رەنگریژ بکەن، بەلام ئەوەش بزانن هەموو قەلەقی و گومان و دودڵیەکی ئێمە جوانە چونکە ئێوەی تێدانین، ئەگەرچی ژانە بەلام ژانێك هەڵگری ئایندەو رەحمدانێکە کە ئێوەی تێدانین؟!

***لە ژمارە 34 ی هەفتەنامەی ئاوێنە 2006/8/29 بلاو بۆتەوە.**